

شاری سلێمانی لەچاوەڕوانی ماستەرپلانەکەیدا

فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

"دوای خەرجکردنی زیاتر لەچوار ملیۆن دۆلار دەبێت ماستەرپلانێکی تازە بۆ شاری سلێمانی دروستبکرێتەوە"

ئا: **شاخەوان مەحمود**

لەچاوپێکەوتنێکی لیژنەیەکی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی، کە راپۆرتێکی رەخنەییان لەسەر ماستەرپلانی سلێمانی نوسیووە، باس لەوە دەکەن کە بەشێوەیەکی نازانستی، لەئاوێنەوە وەڵامی راپۆرتەکەیان دراوەتەوەو جەخت لەسەر نازانستی بونی ماستەرپلانەکە دەکەنەوەو دەڵێن، "ئەو ماستەرپلانەی کراوە، تەنها ٣٠٪ کارەکانی ئەنجامدراوەو کەمو کوڕییەکی زۆری تیایە".

ئاوێنە: لەژمارەکانی پێشووی ئاوێنەدا بەرپرسانی شارەوانی باسیان لەماستەرپلان کردوە، پێیان وایە راپۆرتەکەی ئێوە هەندێکی پەیوەندی بەماستەرپلانەوە نیە، ئێوە راتان چیە؟

ل.زانکۆ: ئێمە ئەو لێدوانانەمان پێ سەیر بوو کە ئەوان لەراگەیاندنەوە وەڵامی راپۆرتەکەیان داینەوە، چونکە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە ئەوان بەفەرمیو بەشێوازێکی زانستیانە وەڵامیان بداینایەتەوە نەک بەو شێوازە چەواشەکارییە. هەندێ شتیشیان بەناوی راپۆرتەکەی ئێمەوە وتووە، بەڵام راپۆرتەکە شتی وای تیا نیە!

ئاوێنە: سەرۆکی شارەوانی دەڵێت "لەوڵاتان ماستەرپلان بۆ شاری نوێ دروست دەکرێت نەک بۆ شارێکی دروستکراو بەسلبیاتو ئیجابیاتەوە"، ئایا شتی وا هەیە؟

ل.زانکۆ: ئەو بەڕێزە باس لەگونجاویو نەگونجاوی پێشنیاری راپۆرتەکەی ئێمە دەکات، بەڵام بابزانێت ئەو راپۆرتە تەنها یەک پێشنیاریشی تیا نیە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی زانستی سەرەتاییەو بەپێیی بەڵگەو پێوەرە جیهانیە باوەڕپێکراوەکانە، لەسەر هەموو بەشو لایەنەکانی ماستەرپلانەکە، بەپشتبەست بەو راپۆرتو نەخشەو نوسراوانەی کە لەشارەوانی سلێمانی وەرگیراون.

لەڕاستیدا قسەی ئەو بەڕێزە لەلایەنی زانستیەوە پێچەوانەیەو نازانین ئەو بەڕێزە بۆ ئەو قسەیەی پشتی بە چ بنەمایەکی زانستی یان واقیعی بەستوە؟، چونکە ماستەرپلان بۆ هەموو شارێکی تازەو کۆن ئەکرێتو پێویستە هەر چەند ساڵێک جارێک تازەبکرێتەوە.

ئاوێنە: بەوتەی سەرۆکی شارەوانی، ئاساییە شوێنی سەربازی لەناو شاردا هەبێت، راتان لەسەر ئەوە چیە؟

ل.زانکۆ: لەماستەرپلانەکە روبەری نزیکەی ١٨ ملیۆن مەتر دوجا بۆ ناوچەی سەربازی لەناو شاری سلێمانیدا تەرخان کراوە، کە روبەرەکەی نزیکەی ٣٥ هێندەی پارکی ئازادی ئێستای سلێمانیە. بوونی ناوچەی سەربازی لەهیچ شارێکی ئاساییدا بەپێی نزمترین ستاندارد دروست نیە. ئێمە دەپرسین لەچ ستانداردێکی جیهانیدا هاتووە کە ناوچەی سەربازیی چڕ لەناو شاردا ببێت؟ داواشیان لێ ئەکەین کە تەنها چەند شارێکی ئاسایی (نەک شاری عەسکەری) بەقەوارەو نمونەی شاری سلێمانیمان بۆ بژمێرن. لەشاری بەغداد هەردوو فڕۆکەخانەو سەربازگەی سەرەکی (معسكر الرشيد) لەماستەرپلانی ساڵی ١٩٩٥دا کە تازەکرایەوە، لابراو کران بەشوێنی خزمەتگوزاری، ئەو بەڕێزە جیاوازی ناکات لەنێوان چالاکی سەربازی کە نابێت لەناو شاردا هەبێت، لەگەڵ پۆلیسو ئاسایشدا کە بەپێویستی شار لەقەڵەم دەدرێن.

ئاوێنە: بەپێی وتەی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی، ئێوە کە راپۆرتەکەتان نوسیوە پسپۆڕنین لەکاروباری شارەوانیدا؟

ل.زانکۆ: ئێمە بەنوسراوی فەرمی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی راسپێراین بۆ نوسینی ئەو راپۆرتە، لیژنەکەشمان پێکهاتووە لەسێ کەسی پسپۆڕ لەبواری ماستەرپلانو دیزایینداو کەسێکی یاساییو کەسێکی شارەزای زەویو زاریش لەزانکۆ. هاوکات سەرپەرشتی دانانی ماستەرپلانی چەندین شار بووین لەعێراقدا، جگەلەوەی ماستەرپلانی شاری نوێی قولەرەیسیمان کردووە بۆ ٩٢ هەزار کەس. برادەرانی شارەوانی تەنها یەک کەسیان ماستەری هەیە لەپلانسازیدا، ئیتر ئەوانیتر خاوەنی بەکالوریۆسنو زۆربەیان خوێندکاری خۆمان بوون.

ئاوێنە: بەوتەی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی ئێوە بەوردی راپۆرتەکەی شارەوانیتان نەخوێندوتەوە، ئەوە تاچەند وایە؟

ل.زانکۆ: ئەگەر راپۆرتەکەمان نەخوێندایەتەوە نەماندەتوانی بەشێوەیەکی زانستی راپۆرتێکی ١٧ لاپەرەیی لەسەر بنووسین کە تائێستا ئەوان وەڵامێکی زانستیان بۆی نیە،

ئێمە چەند خاڵێکی تریشمان لەسەری هەیە کە لەبەر کەمی ماوە نەماتوانی بیان نوسین.

ئاوێنە: لەراپۆرتەکەدا باس لەکەمی داتاو ئامار دەکەن، مەبەستان چیە؟

ل.زانکۆ: ماستەرپلان لەچەند قۆناغێک پێک دێت، قۆناغی یەکەم کۆکردنەوەی داتاو ئامارەی رێژەی دانیشتوانو نیشتەجێبونو خزمەتگوزاریو چەندین شتی ترە، ئەوان داتاکانیان زۆر کۆن بووە، کە هی ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٦ بووەو ئەو داتایەش بەتەواوی وەرنەگیراوە، کەچی ماستەرپلان لە٢٠١٠ تەواو کراوە، داتا بۆ ماستەرپلان دەبێت شەش مانگ تاساڵێکی فەرق بێت، لەگەڵ دەرچوونی ماستەرپلانەکەداو دواتر ئەبێت تازە بکرێتەوە، چونکە ناتوانرێت ماستەرپلانی لەسەر بکرێت. بۆ نمونە ئێستا چەندەها گەڕەکو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لەدەوری سلێمانی کراونەتەوە، کەچی ماستەرپلانی هەر ئاگاداری نیە.

ئاوێنە: ئێوە باس لەوە دەکەن کە ماستەرپلان (چێک) نەکراوەتەوە، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەن دەڵێت کە لەلایەن ئەندازیاری فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی سلێمانیەوە سەیر کراوەتەوە.

ل.زانکۆ: ئەو فەرمانگانە پسپۆڕییان لەماستەرپلاندا نیە، رەنگە بتوانن چێکی دیزاینێک بکەنەوە، بەڵام ناتوانن ماستەرپلان چێک بکەنەوە.

ئاوێنە: بەرپرسانی شارەوانی دەڵێن کۆمپانیا ئامادەیی دەربڕیوە بۆ جێبەجێ کردنی کەمو کوڕییەکان لەسەر هەمان گرێبەست، بەڵام کۆمپانیای ناوبراو دەڵێن بەگرێبەستی نوێو پارەی ترە ئەو کەمو کوڕییانە چاک دەکەین، ئایا بڕی چوار ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلار بۆ ئەو ماستەرپلانە زۆر نیە، کە بەو شێوەیەیە؟

ل.زانکۆ: ئەتوانین بڵێین ئەو پارەیە بۆ ئەو بەناو ماستەرپلانەی ئێستا پێشکەش کراوە زۆرە، بەڵام بۆ ماستەرپلانێکی تەواوی زۆرباش دەتوانین بڵێین ئەو برە پارەیە بەکەم دادەنرێت. ئێمە دەڵێین (٧٠٪) ماستەرپلانەکە بوونی نیەو نەکراوە،...

١٩ل..

سەرۆکی شارەوانی رانیە دەدرێتە دادگا

ئا: **ناسیح مستەفا، رانیە**

لەسەرەتای هەفتەی رابردوو، جێگری بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانوبەرەی رانیە، ئەنوەر قادر مستەفا داوایەکی یاسایی لەسەر هەریەک لەسەرۆکی شارەوانی رانیەو لێپرسراوی بەشی یاساو موڵکەکانی شارەوانی رانیە تۆمارکرد، هۆکارەکەشی هەر وەک ئەنور قادر دەڵێت "بەهۆی چەند سەرپێچییەکی یاسایی سەرۆکی شارەوانی رانیەوە بوە".

جێگری بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانوبەرەی رانیە ئەنوەر قادر، ئەوەی بۆ ئاوێنە روونکردەوە، کە شارەوانی رانیە سەرپێچی لەفەرمانەکانی وەزارەتو بەڕێوەبەرێتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی کردوەو وتی"هەر بۆیە داوای یاسایم لەسەری تۆمارکرد".

سەبارەت بە جۆری سەرپێچییەکەی سەرۆکی شارەوانی رانیە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا وتی "بەپێی چەند نوسراوێک، کە لەوەزارەتو بەڕێوەبەرێتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە کراوە، بەڵام شارەوانی رانیە، جێبەجێی نەکردوە، بۆیە بەپێویستمزانی دادگای رانیە لەو سەرپێچییانە ئاگادار بکەمەوە".

ئەو باس لەیەکێک لەو سەرپێچییانە دەکاتو ئەوە دەخاتە رووو خۆیو چەند کەسێکیتر فەرمانی وەرگرتنی زەویان هەبوە هەموو رێو شوێنە یاساییەکانیشیان گرتۆتەبەر"تەنانەت ژمارەی زەویو کەرتەکەشمان بۆ دیاری کرا"، بەڵام شارەوانی رانیە پێی راگەیاندون، بە فەرمانی قایمقامی رانیە پێدانی زەویی راگیراوە، ئەو دەڵێت "ئەمەش بڕیارێکی تەواو نایاساییە، بۆیە ئەو داوا یاساییەمان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قایمقامی رانیەش دەگرێتەوە".

لەماوەی رابردوودا چەند جارێک سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە، ئەوەیان راگەیاندوە، کە لەسنوری شارەوانییەکەیاندا زەوی دابەش نەکراوەو نەماوەو وتویانە "تا زەوی نوێ تەرخان دەکرێت، دابەشکردنی وەستاوە"، بەڵام ئەنوەر قادر پێی وایە ئەو لێدوانانە، ئەوان ناگرێتەوە، چونکە ئەوان زەویەکەیان دیاری کراوەو تەنها وەسڵ برینی ماوە، هەر بۆیە پاساوەکەشیان بەنایاسایی دەزانێتو دەڵێت "ئەو قسانەی سەرۆکی شارەوانی جێگای سەرسوڕمانن، چونکە ئێمە پێویستیمان بە تەرخانکردنی زەوی نیە، بەڵکو ئێمە ماوەیەکی زۆرە زەویمان بۆ تەرخان کراوە هیچ پاساوێک نەماوە تا زەویەکانمان ڕابگرن، وەک خۆیان باسی دەکەن بەفەرمانی قایمقام زەویەکانی ئێمەیان راگرتوە".

ئەنوەر قادر مستەفا

بەدەرلەوە، ئەنور پێیوایە قایمقامی رانیەش "بەمیزاجی شەخسی" فەرمانەکانی دەردەکات بە نمونەش دەڵێت "ئێمە بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٣١٣٨ لەبەرواری ٢٠٠٩/١٠/١٤ هەموو کارە یاساییەکانمان تەواو بوە، کەچی شارەوانی زەوی داوە بەهەندێک کەس کە لەگەڵ ئێمە بەیەک نوسراو پێیان گەیشتوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قایمقامی رانیە بەمیزاج کار دەکات".

جێگری بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانوبەرەی رانیە، ئەوە ئاشکرا دەکات، بەهۆی بونی پۆستەکەیەوە ئاگاداری کارەکانی شارەوانی رانیەیە ئەو دەڵێت "سەرۆکی شارەوانی رانیە، پارچە زەوی ژمارە ١٥/٢٣٧ لەکەرتی ٢٢ ی سەرکەپکانی بۆ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی کە لەدوا قۆناغەکانی خوێندن بەیەکەوەبونو تەرخانی کردوە، ئەمەش سەرپێچیەکی ترەو چونکە ئەو کەسە فەرمانی وەرگرتنی زەوی لە تاسلوجە بووە نەک لەرانیە".

بەدەر لەوە ئەنوەر قادر ئەو بڕیارەی قایمقامی رانیەش بەسەرپێچی یاسایی دەزانێ کە لەبەرواری ٢٠١٠/٤/٨ نوسراوێکی ئاراستەی بەرێوەبرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی رانیە کردوە داوا دەکات، لەکاتی بەناوکردنی زەوی یان خانوو، هاوڵاتیان دەبێت پشتگیری ئەنجومەنی گەڕەک ببەن، ئەو دەڵێت "ئەمەش نایاساییە، چونکە نە دەقێکی قانونی تۆمارکردنی خانوبەرەو نەڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سلێمانیو نەڕێنماییەکانی وەزارەتی داد داوایەکی لەو جۆرەی تێدانیە".

تا زەوی تازە ئیفراز دەکرێت، دابەشکردنی زەویمان بەشێوەیەکی کاتی راگرتوە

سەبارەت بەو داوایاساییەی لەسەریان تۆمارکراوە، سەرۆکی شارەوانی رانیە، بەختیار ئەحمەد حەمەد بە ئاوێنەی راگەیاند "ئێمە فەرمانێکی زۆری پێدانی زەویمان هەیە، هەندێکیان زەویان بۆ تەرخانکراوە هەندێکیشیان چاوەڕێی ئیفرازی تازەن، ئێمەش بەفەرمانی قایمقام زەویە تەرخانکراوەکانمان راگرتون، تا زەوی تازە ئیفراز دەکرێت، بۆ ئەوەی بەیەکجار بەسەر هەموویاندا دابەشی بکەین، ئەگینا دواتر هەندێک کەس زەوی وەربگرێتو هەندێکیش وەری نەگرێت گرفتمان بۆ دروست دەبێت، ئەو بەڕێزەش کە داوای یاسایی تۆمار کردوە ئێمە بەڵێنمان پێداوە زەویەکەی پێدەدەین، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی رامانگرتوە، ئێستاش کە داوای تۆمارکردوە کەی دادگا داوای کردین ئامادەین بچینە بەردەم دادگا".

لەبارەی پێدانی زەویش بەهاوڕێیەکی خۆی دەڵێت "راستە ئەوەی ئەو باسی دەکات هاوڕێمە، بەڵام من زەویم پێنەداوە، بەڵکو پێش ئەو برادەرەش فەرمانی وەرگرتنی زەوی هەبوە، هەموو رێو شوێنێکی یاسایی تەواو کردوە ئینجا زەویمان پێداوە. ئەگەر بڵێت وەک هاوڕێ زەوی پێداوە زۆر دوورە لەڕاستییەوە".

هەر لەم بارەیەوە قایمقامی رانیە، عەلی حەمەد بەگ، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لەسەروو یاساوە کارناکەنو فەرمانی راگرتنی دابەشکردنی زەویش بەشێوەیەکی کاتییەو، هۆکارەکەشی بۆ نەبونی زەوی پێویستی ئیفراز کراو گەڕاندەوەو وتی"تا زەوی تازە ئیفراز دەکرێت، دابەشکردنی زەویمان بەشێوەیەکی کاتی راگرتوە، بڕیاری راگرتنەکەش بە راوێژ بوو لەگەڵ هەر یەک، لەسەرۆکی شارەوانیو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانیو سەرجەم فەرمانگەکانی رانیە بوو".

سەبارەت بەو نوسراوەش کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی رانیە کردو داوای هێنانی پشتگیری ئەنجومەنی گەڕەک دەکات وتی "ئەوەش نایاسایی نییە، چونکە بۆ چاودێریکردنی باری ئەمنی زۆر گرنگە، لەوەش ئاگادارمان دەکاتەوە کە کەس سنوری مۆڵکی کەسیتر نەبەزێنێ"

بەسادەیی

ئاوات ئەحمەد

دوو هەفتە جارێک دەینوسێت

دوژمنانی رۆژنامەی ئازاد

هەفتەیەکە بیر لەم قسەیەی تۆماس جیفرسۆن دەکەمەوە: ئەگەر ناچار ببم لە نێوان حکومەتێکی بێ رۆژنامەو رۆژنامە بەبێ حکومەتدا یەکێکیان هەڵببژێرم، ئەوەی دواییان هەڵدەبژێرم. جیفرسۆن کاتێک ئەم قسەیەی کرد کە شاری سلێمانی تەنها سێ ساڵ بوو دروستکرابوو، خۆشی سێهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.

سەرۆکی ئەمریکا رۆژنامەی لە حکومەت بەلاوە گرنگترە، بۆچی؟ بەر لەوەی بیر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بکەمەوە، وتەیەکی دی، ئەمیان هی تۆکیڤیڵە بە بیرمدا گوزەر دەکات: "ناشێت بێ بوونی رۆژنامەی راستەقینە دیموکراسی هەبێت، رۆژنامەش بێ دیموکراسی بوونی نیە. هەتا بێت زیاتر دروستی وتەکەی تۆکیڤیڵمان بۆ دەردەکەوێت. لە جێکایەکدا بانگەشە بۆ سنورداکردنی رۆژنامەوانی کرا، داوا کرا کۆتو بەندی قورسی بۆ دابنرێت، ئەوە راشکاوانە بانگەشە دەکرێت بۆ نەهێشتنی دیموکراسی. ئەوانەی دژی بوونی رۆژنامەی ئازادن، ئەوە دژایەتی دیموکراسی دەکەن. کە دەویسترێت بە یاسا یان هەر ئامڕازێکی دیکە جڵەوی رۆژنامە بگیرێت، ئەوە هەوڵدەدرێت دیموکراسی لەناوببرێت.

جیفرسۆن بۆ رونکردنەوەی بۆچوونەکەی دەڵێت: "بناغەی حکومەتەکەی ئێمە، رای خەڵکە، پێویستە سەرەکیترین کاری ئێمە بریتی بێت لە پارێزگاریکردن لەمە [...] ئاسایشی هەمووان لە ئازادی رۆژنامەوانیدایە [...] ناتوانین پاسەوانی لەئازادییمان بکەین، بە ئازادی رۆژنامە نەبێت، سنورداکردنی رۆژنامە رووبەڕووی مەترسی لەدەستدانی ئازادیمان دەکاتەوە."

ئەگەر بەیانییەک لەخەو هەستاینو رۆژنامە ئازادەکان نەمابوون، هەموویان دەرگاکانیان داخستبوو، نوسەرەکانیان بەدوای پیشەی تردا دەگەڕان، جی ڕوودەدات؟ راستییەکەی ئەمە خەونی ژمارەیەک سیاسەتمەدارو بەرپرسی حکومیو (بەداخەوە) ژمارەیەک نوسەریشە. گریمان خەونەکەیان هاتە دی، جی دەقەومێت؟

کە رۆژنامە نەما، ئیتر هیچ سانسۆرێک بەسەر حکومەتەوە نامێنێت، ئیتر هیچ شتێک لەگۆڕێ نامێنێت ناوی ئاسایشی گشتیو تایبەتی بێت، بە وتەی جیفرسۆن ئازادی بێ پاسەوانو بێ پشتیوان دەمێنێتەوەو دووچاری مەترسی لەناوچوون دەبێت. ناتوانین بەهیچ شێوەیەک قسە لەچەمکگەلی هاوڵاتیبوونو بەشداری سیاسیو یەکسانی لەبەردەم یاساو ...هتد بکەین، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە بوونیان نامێنێت. لێرەشەوەیە کە زانایانی کۆمەڵناسی هاوچەرخ رایان وایە کە نەتەوە شتێک نیە خۆی هەبێت، بەڵکو شتێکە دروست دەکرێت، یەکێک لەو جیگایانەی کە نەتەوەی تێدا دروست دەکرێت رۆژنامەیە.

کێ لەنەمانی رۆژنامەی ئازاد سودمەندە؟ تەنها دوژمنانی دیموکراسی. کێ زیانی سەرەکی بەردەکەوێت؟ چی ترە غەیری ئازادی! ئەوانەی داوای سنورداکردنی رۆژنامە دەکەن، دەیانەوێت یاسا بکەن بە کوتەکو بیکێشن بەسەرماندا، ئەوانە جگە لەدوژمنانی ئازادی کەسی تر نین، ئەوانە دەیانەوێت لەهاوڵاتییەوە بمانکەنەوە بە رەعییەت، دەیانەوێت خۆیان ئاغا بنو ئێمەش مسکێن، هەموو ئەرکەکان لە ئەستۆی ئێمەو هەموو مافەکانیش بۆ ئەوان بێت. نەمانی رۆژنامەی ئازاد، یان سنورداکردنی هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هاوڵاتییە جیاوازەکان بە ژمارە، کردنیان بە دانەی هاوشێوەی یەکتری، بە شێوەیەک کە دانەکیان وێنای هەموویان بکات، هەمووشیان وێناکەری ئەو دانەیە بن. کۆتاییەکەشی دەگاتە مەترسیدارترین سیستمی فەرمانڕەواییکردن: تۆتاڵیتاریزم.

هەر بانگەشەیەک بۆ زیندانیکردنی رۆژنامەوان، هەموو هەوڵێکی شکاندنی کامێرای پەیامنێر، تەرخانکردنی خەڵات بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی هەواڵەکان، جگە لە هەوڵێک بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئازادیو ڕووتکردنەوەمان لە بەها مرۆییەکان، هیچی تر نین.

وڵاتەکەی جیفرسۆن زۆر زوو درکی بەم مەترسییە کردووە، لەدەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، تەنها ناوی یەک پیشە هاتووە، ئەویش رۆژنامەوانییە: "نابێت کۆنگرێس هیچ یاسایەک دابنێت کە ئازادی دەربڕین یان رۆژنامەوانی کەمبکاتەوە." بگرە لەوەش زیاتر، لەساڵی ١٩٩٦ دا، کۆمەڵەی ئەمریکی رۆژنامەوانان، وشەی "بابەتیبوون"ی لە تۆماری پرەنسیپەکانی رەفتاری رۆژنامەوانان لابرد، بەو حسێبەی کە مەحاڵە هیچ رۆژنامەوانێک بتوانێت بە رەهایی بابەتیانە بنوسێت.

با بچینەوە سەر قسەکەی تۆکیڤیڵ، مەبەستی لەرۆژنامەی راستەقینە چیە؟ رۆژنامەی راستەقینە مەدەنییە (نە حیزبییەو نە حکومی) ئاراستەی بیرکردنەوەی هاوڵاتییە جیاجیاکانو بەرژەوەندییە جیاجیاکانیان پیشاندەدات، بابەتو پرسەکان دەخاتە روو بۆ گفتوگۆ بێ ئەوەی بوار بدات رایەکی تایبەتی یان رەوتێکی دیاریکراو هەژمونی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. هاوڵاتی رادەهێنێت لەبەرامبەری جەبەروتی دەسەڵاتدا داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات.

بێگومانم لەوەی خوێنەر لەوە هوشیارترە کە ئەم نوسینە وا بخوێنێتەوە کە من بانگەشە بۆ ئەوە دەکەم رۆژنامە دیکتاتۆری سەر زەوی بێتو لەسەرووی هەموو لێپرسینەوەیەکەوە بێت، ئەو دەزانێت کە من باس لە رۆژنامەیەک دەکەم کە بەر لە هەموو کەس خۆی هەستی بەرپرسیارێتیو سەروەری یاسا دەپارێزێت. ئەوانەی خوێندنەوەی وەها بۆ نوسینەکەم دەکەن، تەنها دوژمنەکانی رۆژنامەی ئازادن.

aawat2@yahoo.com